## نارنجۆک*

## رزگار ڕانگور

پانزه چیرۆکی شارەکەم (11)

ئای کەئەمڕۆمان لەدوێنێ دەچێت ،دوێنی بەهەموو شێوەیەک دوێنێ کەشار دارستانێکی پڕ چەک بوو وەک ئەمڕۆ، من تاسەر عێسقان لە هەڵدانی ئەو نارنجۆکە

پەشیمانم ،هەمیشە دەڵێم بەس نەبوو کەسی پێوە نەبوو ،دەنا تادەمردم دەبوو

بەوئازارەوە بتلامایەتەوە ،بەڵام ژوان بوونەوەم بەڕاستی پەیوەندی بە ئەم ڕۆژەوە هەیە ،کەتێ ی کەوتووین ،دەزانم خوێنەری ئەزیز ئارەزووتانە بۆتان باس کەم ،نارنجۆکەکەم چۆن هەڵدا منێک بۆخۆشیش و بۆ وێنە گرتنیش تفەنگم هەڵنەگرت بوو تائەو کاتە ،بەڵام بڕیارم دا نارنجۆکێک هەڵدەمە ماڵێکەوە کە گوزەرانیان لە گەڕەکەکەمان ئاڵۆز کردبوو ، ماڵمان لەیەکێک لەکۆڵانەکانی ئیبراهیم پاشادا بوو،پیشەم بەرگدوو بوو بەڵام لەسەربازی هەڵهاتبووم و لەڕێگەی ناسیاو دۆستەکانمەوە کارم بۆ دەهات و جێبەجێم دەکرد و لەگەڵ دایک و باوکما

سەرگەرمی ژیان بووین و هیچ بەرپرسیاری یەک لەسەر شانم نەبوو . ئەم ڕۆژانە

شار تادەهات قەرەباڵخ تر دەبوو ،گوندەکان تادەهات وێرانتر ، شەقامی شێست مەتریش شاری کردبۆ زیندان، باڵدارەکانیش زاتی ئەوەیان نەبوو لەشەقامە شێست مەتریکەوە ئاودیوو بن ،ڕۆژانە دەیان ژنی عەبابەسەرت دەبینی لەدەرگای ماڵانیان دەدا بۆ هۆدەی چۆڵ ، بۆ خۆشاردنەوە بۆ بنیاد نانی جێگەی تر. لەناو هاتنی ئەم لێشاویی عەشاماتەدا ،ماڵێک بوون بە دراوسێمان کە پیاوەکەی جەیش شەعبی بوو

خۆشی وەک پەشتەماڵ هەر ڕۆژەو بەدەست یەکێکەوە بوو ،بەکورتی و بە

کوردی کاری لەشفرۆشی دەکرد ،بەوەشەوە نەوەستا بوو لەهەموو لایەکەوە ئافرەتی تری دەهێنا و ئەو ناوەیان والێ کربوو سیمای ژیانیان پێوە نەهێشتبوو

ئەو گەڕەکە کەپێشتر زۆر بەڕیکەوت ئۆتۆمۆبێلی پیا دەهات ئێستا ببوە،جێگەیەکی

خراپ و لەپەستا خەڵکی سوک وڕەفتار نزم بەلێشاو ڕویان لەم گەڕەکەمان دەکرد

سەرۆک جاش جێگری سەرۆک جاش ئەمنی عەرەب و سەدان خەڵکی نەخۆش ،،، ئەوەی زیاتر ئازاری منی دەدا ئەو ماڵەی دراوسێمان بوو کەسێ کیژی هەرزەیان هەبوو لەمابەینی ماڵە شای یەکەو ماڵی ئێمەدا باوکیان بەکارەساتێکی دڵ تەزێن مردبوو دایکیان بە بەجل شۆری بەخێوی دەکردن ،ئەومشتەری یە نانەجیبانە

زۆرجاران لەدەرکی ئەو ماڵەیان دەدا ،جانازانم بەقەست بوو یان نا ؟خەڵکی گەڕەک هەموو پیشی دەخواردەوە پلانیان دەکرد چۆن لەم دژواریە ڕزگاریان بێت و سەرفراز بن ،سەریان بەکۆشی مەردو نامەردا دەکرد، دەیان کۆبونەوەیان

ئەنجام دا تالەم بەڵایە ڕزگاریان بێت ئیمزایان کۆکردەوە ،بەلام ڕویان لەهەر لادەکرد بەدڵ شکاوی دەهاتنەوە ،بەوئەنجامەش گەشتن کەئەمانە پێناسنامەی

سەدامیان پێ یەو راستەو خۆش پەیوەندیان بە( عەبد عەلی) یەوە هەیە .سەرەک

جاشێکی خرپن کەناوی( شێخ نەجمەدین) بوو خەڵکی هەورامان بوو گەڕەک ڕویان لەو

پیاوی ناو فەرشەش کرد، لێ ئەو زاتەی گەڕەکی تۆزی کربوو لەحیمایەو نیگابان
ووتبووی ئەوە لەتوانای مندا نی یە و کەس ناتوانێ دەستیان بۆ بەرێت ، منیش
لەبەر ئەوەی هەر لەماڵەوە بووم و ئاگاداری وردی هەموو ڕوداوەکان بووم هێندەی تر پڕ دەبووم لەڕق ، لەڕێگەی پورزایەکمەوە کەلەعەربەت بوو ماڵیان و پێشتر (پ . م) حسک بوو قاچی بڕابۆوەو ڕاستی بڕوام پێ ی بوو داوام لێ کرد
ئەرێ دەکرێت نارنجۆکێکم بۆ پەیدا کەیت ؟،ئەویش زۆز سادانە ووتی جانارنجۆک چی یە سبەی بۆت دەهێنم بەناشکوری نەبێت هەموو گەل بۆتە جاش لەبازاڕ دەی فرۆشن بەدوو دینار ، من نەم دەویست پێ ی بڵێم بۆ چیمە لێ لەبەر ئەوەی ژوان نەبێتەوە لەهێنانی بۆم باس کرد ،ڕازی بوو کەبۆشی هێنام فێری کردم چۆن بەکار دەهێنرێت ،چونکە ئەو ئەزمونی هەبوو ، چاکە باسی ئەو هاوڕێیەشم بکەم کەدایم دەهات بۆلام و پێم ووت دەمەوێ کارێکی وابکەم. زۆر لەمن بەجۆشتر بوو دەیوت
منیش لەگەڵتام ئێستا پێشمەرگە نایەت سلێمانیان کردۆتە ،مەلهاو قەحبەخانە هەموومان بەر پرسیارین نابێ بترسین و دەبێ لەهەموو جێگەیەک بەو کارانە هەستین .نیوەڕۆیەک کە هات بۆلام و نارنجۆکەکەم پیشان دا هەموو گیانی نیشتە سەر ئاو ئەوت لەحەمامێکی گەرما یە ،زۆر هەوڵی دا پەشیمان ببمەوەو ئەی ووت ئێمە حەقمان چی یە بەسەر ئەم کارەوە ئەم شارە بەئێمە چارەسەر ناکرێت .منیش
پێم ووت ئەزیزم من دەی کەم بەڵام تۆ وابزانە هەر نەت بیستوە ،سەرەتا ووتی مەیکە و زەرەر دەکەیت و توشی گرتن و کوشتن دەبیت ،پاشان ووتی ئەوە من هەر نەم بیستوە و ڕۆی بەجێ ی هێشتم ، منیش بڕیاری خۆم دابوو تادەهات زیاتر سور بووم لەهەڵدانی ئەو نارنجۆکە .من بەدرێژای ئەو کاتانە هەر بیجامەم دەپۆشی و سەندەڵیم لەپێ دەکرد ئەوەش سمبوڵی کەسی بێوەیە،من بەبێ پلان ئەو

بەرگەم دەپۆشی ،پێش ئەوەی ئەو ماڵە نەعلەتی یەش ببن بە دراوسێمان من هەر وابووم ،کات پایز بوو تاک و تەرا خەڵک لەسەربان دەخەوتن یان هەر نەدەخەوتن چونکم شەوی پێشتر بارانێکی پرتاو هات دارو بەردی شتەوە ، کات دوانرەی شەو بوو نارنجۆکەکەم لەناو زەرفە ڕەشەنایلۆنەکە دەر هێنا ،نارنجۆکی چل پارچەبوو
نازانم بەدەستی کامە کرێکار و لەکام وولات دروست کرابوو؟ هەرچی ترس هەبوو
لەلەشما بەدیم نەدەکرد ،ئارەزووشم بوو چەند لەو مشتەری یە ناپوتانەش هەلاهەلا کەم ، چومە دەرەوە گەڕەک خامۆش ئەستێرەکان لەناو پەڵە هەورەکاندا مەلەیان دەکرد گڵۆپە زەردەکانی دار تەلەکان چاوەکانیان ترپە ترپی دەکردو باوێشکیان دەدا .چەند پشیلەیەکی بێ خودان سەریان کربۆ ناو تەنەکەی خۆڵەکانداو سەرگەرمی ملچ و مۆچ بوون. منیش بەردێکی بچکۆلەم لەبەر دەرگاکەدانا تا سانای بچمەوە ماڵەوە ،پێشتر کەدەرگاکەمان جیڕەی لێ دەهات ئەو ئێوارەیە بە ڕۆنی مەکینەکەی دوورمانەکە ئەویشم بێ دەنگ کرد ، هەموو شت وەستا بوو لەگۆمی مەنگ دەچوو منیش سەیرێکی خوارەوەم کرد هیچ نەبوو سەیری سەرەوەم کرد لەبەردەم ماڵە سەرەک جاشەکەدا تارمای نیگابانێکم دی بێ جوڵە وەک دار ،،،،
، بەهەرئەحواڵێک بوو لەبەردەم ماڵە کەدا کە قینی دنیام لێ بوو ئەو دەمە ،وەستام بەهەمان

دەستوری سەربازی ڕاست و چەپم کرد و عەڵقەی نارنجۆکەکەم دەرهێناو نارنجۆکەکەم هاویشتە ناوماڵەکەوە ،پورزاکەم ووتی دور هەڵی دەی دەنا خۆت دەکوژی، دوای هەڵدانی پاشە کشێم کرد و نازانم بەچەند هەنگاو گەشتمە ماڵ پێش گەشتنم گوێم لەچرکەیەکی تەرەقەکەی بوو دەرگاگەم کردەوەو ناڵەهات .بوو بە گەڵاو چیلگە باران ، باوکم کە گوێکانی تەواو پەکیان کەوتبوو هەمیشە بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد وای دەزانی وەک خۆی ئێمەش زەحمەت لەقسە دەگەین بەدەنگی بەرز ووتی کوڕم چی بوو،پێ دەچێ پێشمەرگە هاتبێ تە سەر ماڵە قەحبەکە ،منیش ووتم ڕەنگە باوکەگیان منیش گوێم لەدەنگی تەقینەوە بوو ، پاش ماوە یەکی کورت گەڕەک پڕ بوو لەخەڵک لەجاش لە چەکداری سەرەک جاشەکە.منیش بە سەندەڵێ و بیجامەکەوە چومە دەرەوە ، تێکەڵ بەخەڵی گەڕەک بووم .هەر کەسەو قسەیەکی دەکرد ،چوم بۆ ژورەوە وەک خەڵکی گەڕەک کە
ڕوانیم لەقەراغی گوێسەبانەکەی دابوو ،هێندە ئەمەتۆرانە هەڵم دابوو تۆزێکی مابوو
بکەوێتە ماڵی بێوژنە نەگبەتەکەی دراوسێمانەوە ، خۆشحاڵانە جگە لەو دار تورەی حەوشی ماڵە کەو تۆزێک گوێسەبەنەکەیش کەزامدار بوو هیچی تر نەبوولەکۆڵانیش
دراوسێیەکمان کەهەمێشە مۆڕ دەبۆوە لەو ماڵە چرپانی بەگوێمدا و ووتی ماڵێ ئاوابێ جەلال** کارەکەی کرد ،من دیم جێبێک بوو خێرا هات و ڕۆی ئەم پیاوە هەر بەعەقڵی حەفتاکان لێ ی دەخوڕی ، دراوسێ یەکی ترمان ووتی لای کەس قسە مەکەن ماتۆڕێک بوو دوو گەنجی کردەی بەسەرەوە بوو .ماڵیان ئاوا بێت کارەکەیان کردوو ڕۆشتن و ئێمەیان سەرفراز کرد ، من پێکەنینم دەهات هێشتا ئەڵقەی نارنجۆکەکە لەگیرفانما بوو. بەڵام بۆم نەبوو قسە بکەم قسەشم بکردایە کێ باوەڕ بەبیجامە لەبەرێک دەکات ؟ئەوسالانە گەر لەسەر کارێکی وا بگیرایتای یە دەبویتە پاڵەوان لێ ئێستا دەکرێیتە جاسووس تابوری پێنج و بەد ڕەوشت و تیرۆریست .من کەدڵنیابووم کەس خوێن لەلوتی نەها توە ئاسودە بووم ژنەکەش
کەناوی خۆی نابوو دونیا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ وون بوون دوو منداڵی هەبوو هەریەکەیان ڕەنغێکی هەبوو لەکۆڵان بێخودان جێ مان دایکم هێنایە ماڵەوە تا دونیا گەڕایەوە بۆلایان و بۆ هەتا هەتا یە لەو گەڕەکە نەمان و نەئاسایش و نەعەبد عەلی بۆ پرسیار کردن ڕویان لەم ناوە کرد . گەڕەک ئارامی بۆ گەڕایەوە
پێش ئەوەی لەگێڕانەوەی چیرۆکەکەم ببمەوە حەز دەکەم باسی ئەو ناسیاوەتان بۆ بکەم کەبەنیاز بوو لەگەڵما ئەوکارەبکات تاهەفتەیەک سەردانی نەکردم کەهاتیشەوەو دڵنیا بوو کەهیچ نەبوە بەچاک وخراپ باسی ئەو ڕوداوەی نەکرد تا دوای ڕاپەڕین ڕۆژێک لەشەقامی مەولەوی ویستی باسی ئەو نارنجۆکە بکات منیش تەنها سەیرم کرد ،ئەویش بێدەنگی هەڵبژارد ،خوێنەری ئەزیز خەڵکانیش هەیە بەو نارنجۆکە پلەو پایەی وەرگرتوە،،،،

______________________________

*نارنجۆک چیرۆکێکی دروست کراو نی یە
پێسکەشە بەهاوڕێ بەرگدرۆکەم پاڵەوانی چیرۆکی نارنجۆک
** کاک جەلال بەرپرسێکی مەیدانی ئەوکاتە بوو